**نەوت و ڕێکەوتن لە نەخشەی بارزانیدا**

**عوسمان حاجی مارف**

مەزەندەی ئەوە دەکرێت گوایە دەوڵەمەندترین حزبی دنیا "پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق"ە، ئەم دەنگۆیە چەندە واقعی بێت یان نا، لەوە کەم ناکاتەوە کە ئەو حزبەو خانەوادەی بارزانی یەکێ لە پلە بەرزترین ملیاردێرەکانی دنیان. سەرچاوەی سەرەکی ئەم سامانە بێشومارەش جگە لە بەتاڵانبردنی سەروەت و سامانی ژێر زەوی و سەر زەوی کوردستان، شتێکی تر نیە.
بنەماڵەی بارزانی لەژێر ناوی حزبی دیموکراتداو بە هێزی چەکداری، بەدوای چەندین ساڵ بە سەوداو مامەڵە و بازرگانی بە مەسەلەی کوردەوە، دواجار لەسەروبەندی شەڕی کەنداو و داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە، توانیان ناوچەیەکی ستراتیژی لە خاکی کوردستانی عێراق، بخەنە ژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتی هێزەکەیانەوە، لەهەمانکاتدا دەسەڵاتێکی میلیشیاییان داسەپاند، کە ماوەی سی ساڵ زیاترە بونەتە بەڵاو کارەسات بەسەر ژیان و گوزەرانی دانیشتوانی ئەو ناوچەیەوە.
سەرەتا دەستگرتنیان بەسەر مەرزی برایم خەلیل و پاشان تاڵانی و قاچاخچێتی و بازرگانی بە نەوت و دامەزراندنی کۆمپانیاو کەڵەکەی سەرمایە..، سەرچاوەی سەرەکی تەواوی ئەو نەخشەو پلانە سیاسیانەی بارزانیەکان بووە، کە لەلایەک هەرێمیان پێ بەڕێوەبردووە، لەلایەکی ترەوە چارەنوسی پێگەی کێشمەکێش و شەڕو ڕێکەوتن و پەیوەندیە سیاسی و دیبلۆماسیەکانیانی دیاریکردووە.
بارزانیەکان لەژێر پەردەی هەر دروشم و بانگەوازێکی سیاسی و دڵسۆزی بۆ کوردستان و شانازی بەکوردایەتیەوە بێت، ئەو دەیان ملیارە دۆلارەی لە کەڵەکەی سەرمایەدا بەدەستیان هێناوەو لە بانکە جیهانیەکاندا پاراستویانە، دەرخەری بنەمای ئەوپەڕی ڕوخساری قێزەون و ڕیسوایی پێگەی هێزو دەسەڵاتی سیاسیان بوو لەدنیادا.
تەواوی مێژوی سەوداومامەڵەی سیاسیان بەهەر بەهایەکی نائینسانی و لەسەر بەقوربانیکردنی ژیانی هەزاران ئینسان کەوتبێت، بەڵام مەسەلەی بنەڕەتی بۆیان پاراستنی دەسەڵات و پێگەو نفوزی سیاسی هێزەکەیان بووە، لەپێناو بەردەوامیدان بە تاڵانی و سەرمایەگوزاری و کەڵەکەی سەرمایەدا. ئەم ڕوخسارە نائینسانیە لە دەسەڵات و گەمەی سیاسی بارزانیەکاندا، هیچ کات شاراوە نەبوەو خەسڵەتێکی ئاشکرای پێکهاتەی هێزەکەیان بووە، لەچونەپێشەوەو شەڕو ئاشتی و ڕێکەوتن و پاشەکشە و شکستدا، هەمیشە خەڵکیان کردۆتە قەڵغان و قوربانی بۆ پێداویستی هەر مامەڵەو دەستکەوتێک مەبەستیان بوبێت.
هەموو ئەم واقعیەتە قێزەونەی بارزانیەکان لە هەر هەنگاوێکدا گەر ئەوپەڕی ملکەچی و شەرمەزاریشیان نواندبێت، لەوە دانەبڕاوە کە لەو ناوچە ستراتیژیەی جوگرافیای کوردستاندا هێزی یەکەم و باڵادەست و بەنفوزترین هێز بون و هەن. بەمانایەک سی ساڵ زیاترە ناوچەی زۆنی زەرد قۆرخکراوی ژێردەستەی دەسەڵاتی هێزێکە کەبە ویست و ئارەزوی بێ بەزییانە، یاری بە ئیرادەی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە دەکات.
بەداوی چەندین ساڵ لە مێژویەکی پڕ مەینەتی و بەڵاو دەردیسەری و یاری و قومارکردن بە چارەنوسی نادیاری خەڵکی کوردستانەوە، کە بە ڕۆڵی هەردوو دەسەڵاتی میلیشیای بارزانی و تاڵەبانی بەڕێوەبراوە، جارێکی تر لەسەروبەندی هەلومەرجێکی قەیراناوی ئابوری و سیاسی لە دەوارنی ئێستای ناوچەکەدا، هەنگاوێکی تر لەو گەمە سیاسیانەی پارتی، مەسرور بارزانی بە ناچاری واژۆی ڕێکەوتنێکی تازەی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا ئەنجامدا، کە دەربارەی ناردنە دەرەوەی نەوتە بە سەرپەرشتی لیژنەیەکی پێکهاتوو لە نوێنەرانی عێراق و کوردستان.
ئەم ڕێکەوتنە بە چەندین بۆچونی جیاوازو بەرژەوەندی جیاوازەوە، خەریکە لێکدانەوەی شکستی بۆ دەکرێت، یا بەدەستکەوت و سەرکەوتن پێناسە دەکرێت، ئەمانەش جۆرە لێکدانەوەیەکن لەنێو هاوکێشە سیاسیەکاندا تەنها دەگەڕێتەوە بۆ پێگەو مەوقعیەتی ئەو هێزە سیاسیانەی کە لە هەر قەیران و دیاردەو ڕوداوو کارێکی سیاسیدا چ ڕۆڵێکیان هەیەو چەندە بەرژەوەندیان پەیوەست دەبێت بەو دیاردەو ڕوداوو قەیرانەوە، یا ئەو ڕێکەوتنەی لەئارادایە. بەڵام واژۆکردنی ئەم ڕێکەوتنەی مەسرور و سودانی، تەنها ڕێکەوتنی بارزانیەکان و حکومەتی عێراقە لەچوارچێوەی هەلومەرجێکی سیاسیدا کە ئاڵوگۆڕێک لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و عێراق بەتایبەتی پێشبینی دەکرێت.
ئەم ڕێکەوتنە، لەلایەک سنوردارکردنی پارتیە لە مامەڵەی ئابوری و بازرگانی سەربەخۆ بە نەوتەوە، لەلایەکی ترەوە پابەندبونی گرێدانی زیاتری هەرێمە بە حکومەتی بەغداوە، بەو مانایەی سەربەخۆیی ئابوری و کوردستانی سەربەخۆ، لەسایەی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتیدا تەواو قەدەغە کراوەو حزبەکانی کوردایەتیش هەم بە شەرمەزاری و هەم بە ملکەچی، بە ناوی سەربەرزیەوە ئەم پاشەکشەیە بۆ هەتاهەتایە قەبوڵ دەکەن.

ئاكامەكانی ئەم ملكەچییە ناچاریەی بارزانیەكان بۆ حكومەتی عێراق، پێشوازی و قەبوڵكردنی ئەو ئاڵوگۆڕانەیە كە پێشبینی دەكرێت لە ئایندەیكی نزیكدا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا ڕووبدات، كە بە دەورو دەخالەتی وولاتانی زلهێزی دنیاو وولاتانی ناوچەكە، هاوكێشە سیاسیەكان گۆڕانیان بەسەردا دێت بە مەبەستی هەوڵدان بۆ زیاتر دابینكردنی ئارامی و دڵنیایی بوون لە دامەزراندنی سەرمایە لە ناوچەكە، بەم مانایە پێگەی هێزە سیاسیەكانیش پێویستە وەڵامدەرەوەی خۆ گونجاندن بن لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕانەدا، چونكە گەر هەر هێزێكی سیاسی نەتوانێ وەڵامدەرەوەی ئەو خۆگونجاندنە بێت، ئەوە لە كاروانی ئەو گۆڕانكاریانەدا بەجێ دەمێنێت، ڕێكەوتنی پارتی و بەغداد بەشێكە لە پرۆسەی ئەو گۆڕانكاریە.
هەربۆیە ئەو لێكدانەوانەی تەنها لە فەلەكی نیگەرانی یەكڕیزی كوردو پاراستنی شێوازی قەوارەی ئێستای هەرێم دەسوڕێنەوە، ئەوە مانای ئەوەیە ئەولایەنانە ناتوانن وێنای پێشبینی ئەو ئاڵوگۆڕانە بكەن و ناتوانن لەگەڵ ڕێرەوی ئەو قەیران و ئاڵوگۆڕانەدا هەنگاو بنێن كە هەلی تازە بۆ سەرمایە گوزاری و كەڵەكەی سەرمایە بەجۆرێكی تر لە فەزای ئارامی سیاسیدا هەوڵی بۆ ئەدرێت.
ملكەچیەك كە بارزانیەكان و پارتی پێشوازی لێدەكەن، یەكەم پێگەی سیاسیان وەك هێزی یەكەم لە هەرێمدا ئەو هەلەیان بۆ ڕەخساوە، بەپیر ڕێڕەوی ئەو گۆڕانكاریانەوە بچن و لە شێوازو چوارچێوەیەكی پەیوەندی تردا بەرژەوەندیە ئابوریەكانیان بپارێزن و بەردەوام بن لە هەوڵیان بۆ جۆرێكی تر لە تاڵانچێتی و كەڵەكەی سەرمایە. دووەم ئەوەی مەبەستیان نیە لە پرۆسەی ئەم گۆڕانكاریانەدا، ژیان و گوزەرانی كرێكاران و زەحمەتكێشانە كە ئاخۆ بەرەو كام چارەنوس هەنگاو دەنێت.
مەسرور وەك نوێنەرو پارێزەری بەرژەوەندی لایەنێكی سیاسی كە پارتی و بارزانیەكانە ئەم ڕێكەوتنەی واژۆ كردوە، نەك وەك نوێنەری خەڵكی كوردستان و بەرژەوەندی خەڵكی كوردستان، لە نمونەو ئەزمونی تەواوی ئەو ڕێكەوتن و پەیوەندیانەیە كە لە ماوەی سی ساڵ زیاتری دەسەڵاتی بارزانیەكاندا ئەنجام دراوە، كەنەك هیچ پەیوەندیەكی بە بەرژەوەندی زۆرینەی خەڵكی كوردستانەوە نەبووە، بەڵكو مایەی هەژاری و بێدرەتانی و نائارامی زیاتر بووە. ئەم ڕێكەوتنەش لە هەلومەرجی سیاسی ئێستای ناوچەكەدا كە پارتی پێشوازی گەرمی لێدەكات، لەلایەن پارتیەوە بەناچاری كراوە بۆ پاراستنی هێزو دەسەڵاتەكەی لە ئەگەری دارمان! لەلایەكی تریشەوە دڵنیایە كە تەنها بەمجۆرە ڕێكەوتنە دەتوانێت جارێكی تر خەسڵەت و پێگەی تاڵانچێتیەكەی دەپارێزێت.
كێشەی ئەم ڕێكەوتنەی ئێستای بارزانیەكان و حكومەتی ناوەندی، ئەگەری ئەوە هەیە، لەلایەك پەیوەندی نێوان حزبەكانی كوردایەتی پەرشوبڵاوتر بكات و نەگونجانی زیاتری نێوانیان بخولقێنێت، لەلایەكی تریشەوە باڵادەستی و پاوانخوازی پارتی زیاتر خۆی بنوێنێت.
واتە گەر ڕۆڵی نارەزایەتیە جەماوەریەكان، فراوان بوون و خۆڕێكخستن و پێشرەوی زیاتر نەنوێنێت بۆ كۆتایی بەدەسەڵاتی پارتی و تەواوی بزوتنەوەی كوردایەتی، ئەوە بارزانیەكان و پارتی وەك مۆتەكەیەكی قورس و گران بەسەر سنگ و هەناسەی خەڵكەوە لەو قەیران و گۆڕانكاریانەشدا وەك بەڵاو دەردیسەری درێژە بە مانەوەی خۆیان ئەدەن.